# وتاری فادیمە شاهینداڵ لە پارلەمانی سوێد 2001/11/20 دا

**ڕۆژتان باش!**

من ناوم فادیمەیەو تەمەنم 25 ساڵە. ئەمرۆ من بانگهێشتنکراوم بۆئەوەی لەسەر ئەزموونەکانی خۆم و لەوە بدوێم کە ژیانی ئافرەتێکی بێگانە لەسوێددا بەیاساکان و فەرهەنگو نەریتەکانیەوە چۆنە. چەندە دژوارە ڕاگرتنی باڵانس لەنێوان داخوازی و چاوەڕوانیەکانی بنەماڵە لەلایەک و کۆمەڵگای سوێد لەلایەکیترەوە کە بەتەواوی دنیایەکی دیکەو ڕوانینێکی دیکەی بەسەردا زاڵە.
من ئەمەوێت ئەزموونی خۆم لەگەڵ ئێوە باسبکەم و هیوادارم لەم ڕێگایەدا تێگەیشتن و زانیاریتان دەستبکەوێت سەبارەتبە چۆنیەتی باری ئەوئافرەتە بێگانانەی کەوتوونەتە بەرپلاری بارودۆخەکە. ئامانجی من ئەوەنیە بەسەرکەسێکیدا بێنم بەڵکوو ئەمەوێت یارمەتیتانبدەم تێبگەن کە لەڕوانگەی من و بنەماڵەکەمەوە چلۆنو لەبەرچی ئەو چەشنە ململانێیانە دروست دەبن.
بەڵام پێمخۆشە بەوەدەستیپێبکەم و جەختلەسەرئەوە بکەم کە ستەمکردن لە ژنان هەربەتەنها کچانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە بەڵکوو ئەم دیاردەیە لەناو زۆر بنەماڵەی دیکەدا لە بەشەکانی دیکەی دنیاش ڕوودەدات.

من لەگوندێکی بچووک لەنزیکی شاری ئەلبستێن لە کوردستانی بەشی تورکیا لەدایکبووم. دایکوباوکم خاوەن زەوی بوونو بەکاری کشتوکاڵ و بەئاژەڵداری ژیانیان بەڕێوەدەبردو لەمەشدا هەموومان لەبنەماڵەکەدا شانبەشانی یەک کاری هاوبەشمان دەکرد. ئێمە بنەماڵەیەکی گەورەو بەختەوەر بووینو ڕۆڵو ئەرکی ڕوونیشمان هەبوو. هەڵبەت لەباری ماددییەوە شتیزیاد لە خۆمان نەبوو بەڵام ژیانێکی هاوبەشی گەرممان هەبوو.

من حەوتساڵان بووم کە بەهۆی ئابووریەوە هاتینە سوێد. سەرەتا هەموو شتەیەک بە باشیو خۆشییەوە دەچووەپێش بەڵام هەتا تەمەنم زیاتردەبوو دایکوباوکم زیاتر سنووریان بۆدادەنام کە چیبکەم وچینەکەم. یەکەم نیشانەکان ئەوکاتە بۆم دەرکەوت کە ئیتر بۆم نەبوو لەگەڵ هاوڕێ سوێدیەکانمدا یاریبکەم و یانئەوەی لە چالاکیەکانی خوێندنگەکەمدا بەشداربم. من دەبوو ڕاستەوڕاست بچمەوە ماڵەوە و یارمەتی دایکم بدەم لەکاری ناوماڵو وەکوو کچێکی باش بەخێوبکرێم.
لەڕوانگەی دایکوباوکمەوە ئەوە باشبوو کە من بتوانم فێری خوێندنو نووسینبم لەبەرئەوەی بتوانم ببمە پەیوەندیێک لەنێوان ئەوانو کۆمەڵگای سوێددا چونکوو خۆیان نەخوێندەواربوون. بەڵام لەلای ئەوان لەوەباڵاتر پێویستم بە خوێندن نەبوو. ئاخر بۆ ئاگالێبوونی مێردومنداڵ پەروەردەکردنێک پێویست نەبوو.

کاتێک گەیشتمە تەمەنی گەنجیەتی دایکوباوکم ویستیان بچمەوە بۆ تورکیاو ببمە ژنی یەکێک لە ئامۆزاکانم هەروەکوو خوشکەگەورەکانم وایانکردبوو. من ئامادەنەبووم بچمە ژێر ئەوبارە. من پێموابوو زۆرگەنجو کاڵ بووم بۆئەوەی بتوانم وەها بڕیارێکی گەورە بدەم. جگەلەوەش من ئەمەویست خۆم بڕیاربدەم لەگەڵ کامەپیاو ژیانی هاوبەشم پێکەوەبنێم.

بەبۆچوونی دایکوباوکم دەبوو بنەماڵەو خزمان گرینگیپێبدرێت، هەربۆیە منیش دەبوو بیرلە بەرژەوەندی بنەماڵەکەم بکەمەوە پێشئەوەی ژیانی خۆشیخۆمم لەبەرچاوبێت. باشتر ئەوەیە تاکەکەسێک ئازاربکێشێت هەتا ئەوەی تەواوی بنەماڵەکە تووشی ئێش ببێت. بەڵام بەپێچەوانەی دایکوباوکم من لەکۆمەڵگای سوێددا ئەژیامو بەشێک بووم لەو کۆمەڵگایە. من هەموو ڕۆژێک دەچوومە خوێندنگەی سوێدی، خواردنی سوێدیم ئەخوارد، هاوڕێی سوێدیم هەبوو و سەیری تەلەڤیزیۆنی سوێدیم دەکرد.

ئاشکرایە کە ئەو بەها و بۆچوونانەی کەلەوێدا هەبوون کاریگەریان لەسەرمن دادەنا. هەربۆیە منیش دەستمکرد بەوەی کە سنوورەکان دوورترو دوورتر بکەمەوە. بەردەوام هاوڕێ سوێدیەکانم ئەبینی، لە چایخانە لەگەڵیان دادەنیشتم و درەنگتر لەو کاتەی بۆیان دادەنام دەچوومەماڵەوە. ئاخەر منیش لەژیانمدا چاوەڕێی خەونەکان و ئامانجەکانیخۆم بووم. دەمەویست شەرتو مەرجەکانی خۆم بۆ ژیانم دابنێم، هەڵەکانم بکەم و دەرسیان لێوەربگرم. دەمەویست لەسەر پێی خۆم ڕاوەستم و بەرپرسی کردەوەکانی خۆم بم. نەک ئەوەی ڕێگابدەم کەسێکیدیکە بڕیاربدات کە من چۆن بیربکەمەوە، چیمخۆشبوێتو چۆن هەڵسوکەوت بکەم. جگەلەوەش وەکوو تاکەکەس زۆر بەلامەوە گرینگبوو کە بخوێنمو گەشەبکەم. ئەمە بۆئێوە هیچ شتەیەکی سەیر نیە، لەبەرئەوەی ئەمە بەشێکە لە شێوە ژیانی سوێدی، بەڵام بۆ بنەماڵەکەی من ئەمە شتەیەکی زۆرتۆقێنەر بوو.

تێگەیشتنی ئەوان لە شێوەژیانی سوێدی ئەوەبوو کە هەرچیوپەرچین و نە فەرهەنگیان هەیە، نە بایەخی ڕەوشتو ئەخلاقیان لەلایە. تاقەشتەیەک دەیکەن خواردنەوە، دەرەوەچوون، سەماکردنو کردەوەی سێکسی ئازادانەیە. جگەلەوە پیانوابوو کە سوێدیەکان هیچ چەشنە ڕێزێکیان بۆ ژیانی بنەماڵە نیە چونکوو بەراست و بەچەپ لێک جیائەبنەوە. ئەوان ئەم چەشنە بۆچوونانەیان لەڕووی هێندێک لێکدانەوەی لەپێشدا بڕیارلەسەردراو بۆ دروستببوو. ئاخەر خۆ هیچسوێدیەکیان نەدەناسی و نەشیاندەویست لەگەڵیان هاتوچۆ بکەن. سەرەتا من باڵانسێکم لەنێوان دابونەریتی کوردی و ئەوەی لەدەرەوە کۆمەڵگای سوێد دەیخواست ڕاگرتبوو. من بەتەواوی گێژووڕ و دابەشکراوبووم و ناچاربووم لەوەیکە دووجۆرەژیانم هەبێت، بۆئەوەی بتوانم هەردوو فەرهەنگەکە ڕازیبکەم و لەئاستی ئەوداخوازیانەدابم کە لەبەردەمی مندا وەکوو ژنێکی گەنج دایاندەنا.

بەڵام ڕۆژێک لەڕۆژان شتەیەک ڕوویدا کە نەدەبوو ڕووبدات؛ من لەگەڵ کابرایەکی سوێدی ئاشنا بووم. ناوی پاتریک بوو. منو پاتریک یەکترمان خۆشدەویست. سەرەتا لەرۆحی خۆم دەترسام لەوەی کەداخوا ئەمە دەبێ چئاکامێکی بۆم هەبێت. هەربۆیە هەلومەرجی پێکەوەبوونەکەمانم بۆ پاتریک باسکرد. دایکوباوکم بەهیچ لەونێک نەدەبوو سەبارەت بەئێمە شتەیەک بزانن. (*وادیارە سەرەتای ساڵی 1997 بووە. و.*)

سەرەڕای مەترسیەکان ئێمە بڕیارماندا درێژەبدەین بە پەیوەندیەکانمان تەنانەت ئەگەریش بەردەوام لەنێوان چواردیواردا یەکتر ببینین و لەوەبترسین کە ئاشکرابین. پاش ساڵێک

پەیوەندی ماندووبووین لەوەی کەهەر لەناومالّدا یەکتربببینینو بەدزییەوە ئەویندارى بکەین، هەربۆیە هەرچیزیاتر دەستمانکرد بەوەی چیدی خۆپارێزنەبین.

وردەوردە پێکەوە دەچووینەدەر بەتایبەت بۆ ئەو شوێنانەی پێمانوانەبوو کەسێکی ناسراو یان کەسی بنەماڵەکەمان دەمانبینێت. ئەم خۆنەپارێزیەی ئێمە رۆژێکیان وایکرد کە باوکم چاویپێمانکەوت و هەڵبەت دیارە تەقیەوە لەتووڕەیەیداو دەستیکرد بەلێدانی من و پاتریک.
*(پاییزی ساڵی 1997 و.)*

من لە کاردانەوەی باوکم بەتەواوی تێدەگەیشتم. وەکوو باوکو گەورەی بنەماڵەکەی ئەوە ئەرکی سەرشانیئەوبوو کە چاوەدێری نامووسی بنەماڵەکەی بکات. دەبوو وشیاربێت و پارێزگاریبکات لە هەڵسوکەوتی سێکسی ژنەکانیخزموکەسو وریابێت کچێنی کچەکانی هەتا کاتی بەشوودانیان دەستلێنەدراو مابێتەوە. ئەگەر بێتوو ئەو پیاوانەی دەبن بەزاوای، شەوی زەماوەندەکەیان بۆیان دەرکەوێت کە کچێنیان نەماوە، ئەوا یەکسەر داوای جیابوونەوە دەکەن. هەتا ئێستاش پەڕۆخوێناویەکە دەدرێتە خەسوویبووک بۆئەوەی نیشانی دەورووبەری خۆی بدات کە ژنێکی خاوێنو شەرەفمەندی بۆهاتووە. لەبەرئەوەی بنەماڵەکەمان تێگەیشتن کە ئێمە پێکەوەین دەستبەجێ ئەو دەرەنجامەیان وەرگرت کە من کچێنیەکەم نەماوە. ئەمە بۆئەوان مانای ئەوەبوو کەمن هەرگیز نەمدەتوانی . . . کەئەوان هەرگیز نەیاندەتوانی کچەکەیان بەشێوەیەکی نەریتی بدەن بەشوو بەپیاوێکی کورد. ئەمەش لەگوێن ئەوان هەموو مانای ژیانی من بوو. من شەرمم هێنابووە بەسەر بنەماڵەداو لەلای دەوروبەرەکەیان هەڕەشەم کردبوو لە بارودۆخی ئەوان. من کارێکی وامکردبوو کە بۆلێبوردن نەدەبوو، کارێکی وەها کە هەرگیز پێشتر لە ناوخزمانی مندا نەکرابوو.

ئەمە دنیای ئەوانی هەژاندبوو و لەترسان لەوانەبوو گیانیان دەرچێت. لەچاو ئەوانەوە من لە کچێکی خنچیلانەی کوردەوە ببوم بە قەحبەیەکی دەمهەراش کە پێی وابوو هەر چونکوو وا لەسوێد ئیتر گوایە بووە بە شتەیەکی گرینگ. ئەوان ناعیلاجبوون بە دەوروبەریان نیشانبدەن کە دەتوانن ناموسەکەیان بپارێزن و خۆیان دەرەقەتی ئەم کێشەیە دێن. رەفتارێکی وەک ئەوەیمن دەبوو سزابدرێت و جەزاکەشی دەبوو بەخوێن بدرێت.

تاقوتەنیا و دەستداشۆردراو لە بنەماڵەکەم ناچاربووم بەپەلە شاری ئوپسالا (Uppsala) بەجێبێڵم لەبەرئەوەی دەمزانی ئەگەردەستیان پێمرابگات دەمکوژن. گواستمەوە بۆشاری سوندسڤاڵ(Sundsvall). دایکوباوکم زۆر زوو شوێنیان هەڵگرتم و خێرا زانیان لەکوێدەژیم.

پیاوانی خزم دەستیانکرد بە تەلەفونکردن و هەڕەشە. دەیانگوت هەرگیز دەربازنابیت لەم وەزعە. براچکۆلەکەم ئەرکی ئەوەی پێسپێردرا کە بمکوژێت. ئاسایی بوو بۆچی لەمناوەدا ئەویان دانا، لە بەرئەوەی منداڵبوو هەربۆیەش سزایەکی زۆریان نەدەدا. جگەلەوەش ئەو تاقەکوڕی بنەماڵەکەبوو، ئەوەش ئەرکی سەرشانی ئەو بوو کە ئاگای لەخوشکەکەی بێت کە لەچوارچێوەی فەرهەنگەکەدا دەرنەچێت.

هەتا دەهات هەڕەشەکان توندتردەبوون، هەتا زیاتر من رادەوەستام و نەمدەویست

**ژێرچەپۆکەبم، وەزعەکە خراپتر دەبوو. سەرەنجام لەوەزیاتر خۆم پێڕانەگیراو بڕیارمدا بچمە لای پۆلیس و داوای پاراستنیان لێبکەم و لەسەر بارودۆخی خۆم زانیارییان پێبدەم بائەگەر هات و شتەیەکم لێهات ئەوان ئاگاداربن.**

**هەڵوێستی پۆلیس زۆر تۆقێنەربوو، باوەڕیان بەقسەکانم نەکرد و پێیانوابوو ئەم بەسەرهاتەم دروستکردووە. تاقە ئامۆژگاری ئەوان ئەوەبوو کە بچمەوە لای بنەماڵەکەم و پێیانبڵێم نابێت هەڕەشەم لێبکەنو پێویستە ڕێز لە یاسا و نەریتی سوێد بگرن. بەم چەشنە پۆلیس لە جددیبوونی بارەکەی من نەگەیشتو ئەم تێنەگەیشتنەی ئەوان بەباوەڕی من ڕەفتارێکی دوورلە ڕێزو هەروەها سووکایەتیکردنبوو.**

**چیتلێماندەوێت؟ خۆناتوانین نیگابانێکت بۆدانێین شەو وڕۆژ لەلات بێت، ئەمەبوو وەڵامی پۆلیس بۆمن. بەدڵێکی گرانەوە و بەبێئەوەی یارمەتیەکم درابێت لە لایپۆلیس گەڕامەوە.**
**ئەمجارەیان ناچاربووم هەرخۆم یارمەتی خۆم بدەم بەباشترین شێوە.**

**وەکوو دوایین ڕێگا بۆ دەربازبوون، رووکردە دەزگاکانی راگەیاندنو ئەوانیش بەباشترین شێوە کەوتنە پاراستنم. من بیرم لەوەکردبووەوە کە بیروڕاهەڵخڕێنم لەسەر ئەمکێشەیە وهەرلێرەشەوە تیشکی زۆربخەمەسەر بنەماڵەکەم. بەم شێوەیە دەمەویست پاشەکشەیان پێبکەم. ئەم بارەی من سەرنجێکی ئێجگار زۆری بۆلای خۆی راکێشا لەبەرئەوەی هەرلەوکاتەدا بوو کە لەسەر چەندین حاڵەتی توندوتیژی گرێدراو بە ناموسەوە شتنووسرابوو. لەسەر سارا ئەو کچەی کە لە شاری ئوومیئۆ(Umeao) کوژرا قسەی زۆردەکرا. ئەویش وەکوو من کچێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بوو. ئامۆزاکانی بەتاوانی ئەوەی دەیەویست خۆی شێوەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت کوشتیان. هەر بەوهۆیەشەوە ژنێک لە ستۆکهۆلم لە لایەن خزمەکانیەوە درایەبەر چەقۆ. من بۆیە ئەو ڕێگایەم هەڵبژاردکە زۆر بەڕاشکاوی لەو بارودۆخە بدوێم کە لەسوێد کچانی بێگانەی ناچار کردووە تێیدا بژین. من بوومبە دەنگێکو سیمایەک بۆ ئەوکچانەی کە لەژێر چەوسانەوەدابوون و لەوانەبوو بەرکەون و بکوژرێن ئەگەر نەچنە ژێرباری خواستو شێوە ژیانی بنەماڵەکەیان.**

**لەهەوڵدانێکی تازەدا بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ پۆلیس بەختم هەبوو پۆلیسێکم ناسی کە ئەزموونی کارکردنی هەبوو لەگەڵ ژنانی بێگانەی کە مێردەکانیان هەڕەشەیان لێکردبوون و یان لێیاندابوون. ئەو دەستبەجێ لە جددیبوونی بارەکەی من تێگەیشتو سەبارەت بە مافەکانی من وەکوو کەسێکی بەرکەوتوو ئاگاداریپێدام. بەڵام بەداخەوە پۆلیس نەیتوانی یارمەتیەکی بەردەوامم بداتێو لەبەرئەوەی بارەکەیمن لەهەڕەشەی نایاسایی بەولاترەوە نەچوبوو، تەنها ناوەکەم و ناونیشانەکەمیان دەگۆڕیو دەیانکردە نهێنیو هەروەها هێندێک یارمەتی فریاگوزارییان دامێ.**

**من یارمەتیەکەم وەرگرت بەڵام نەمویست ناوەکەم بگۆڕم و خۆمبشارمەوە. باشە تاوانی من چیبوو؟ بۆ دەبوو من خۆم بشارمەوە؟ دەزگاکانی راگەیاندن لەوپەڕی چالاکی خۆیاندابوون. لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەوانانی رادیۆو رۆژنامەکانی سوێدەوە بەتەواوی بۆمبارانکرابووم. من لەبەرنامەیەکی بەڵگەنامەیی بۆتەلەڤیزیۆنی سوێد کە بە مەبەستی**

پەروەردە لەلایەن ئەنستیتۆی تەندروستیگەلەوە ئامادەکرا، بەشداریمکرد. شکاتەکەم لەباوکم و لەبراکەم سەرەنجام کێشایەدادگا. باوکم بە تاوانی هەڕەشەی نایاسایی و براکەم بەتاوانی لێدانو هەڕەشەی نایاسایی حوکمدران. پاش دادگاکە بە دڵێکی شکاوەوە یەکراست گەرامەوە بەرەو شاری سوندسڤاڵ. (*وادیارە سەرەتای ساڵی 1998 بووە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە سەرەتای ئەم ساڵە بنەماڵەی پاتریک دەچنەخوازبێنی فادیمە بەڵام باوکی رازی نابێت. پاتریک زۆر بەداخەوە 1998/6/3 لەکارەساتێکی ئوتومبیلدا لەنێوان ستۆکهۆلم و ئوپسالا دەکوژرێت. وەرگێر*) بیری ئەوەی کە چیدی نەمدەتوانی پەیوەندیم لەگەڵ بنەماڵەکەمدا هەبێت، وەکوو ژانێک بەلەشمدادەگەڕا. ئێجگار زۆر تاسەی دایکمم کردبوو. هیچ ئارەزوویەکی لەوەزیاترم نەبوو کەبتوانم لەباوەشی دایکمدابم بەڵام دەمزانی ئەمە مەحاڵبوو. لەبەرئەوەی ئەرکی سەرشانی ئەو وەکوو دایکێک ئەوەبوو کە من بەخێوبکات بەچەشنێک کە ببمە کچێکی گوێڕایەڵ و خنچیلانە و ئەویش لەوەدا سەرنەکەوتبوو، جا ئەو تاوانەشی لەسەربوو. لەلایەکی دیکەشەوە دایکم نەیدەتوانی لایەنیمن بگرێت چونکوو ئەگەر وایکردبایە بارەکە بۆئەو بەرەو خراپتریش دەچوو. ئەوخۆی بەتاوانبار دەزانی. ئێستامن لە شاری ئۆیستێرشووند(Oestersund) دەژیم و خەریکی خوێندنم. من سۆسیۆنۆمی دەخوێنم با بتوانم کارەکەم واتە یارمەتیدانی ئەوکچانە درێژەپێبدەم کە لەو کێشەیان هەیە وامن هەمبووەو پێیدا تێپەڕیوم. هەروەها ئێستا خۆم بە قایم و بەهێز دەبینم بەڵام بەراستی ماوەیەکی ئێجگار زۆری پێچووە هەتا بەوەی ئێستا گەیشتووم.

من ناچارکراوم دەست لەهەموو رابردووم هەڵگرم و دەستپێبکەم کە سەرلەنوێ خۆم و ناسنامەی خۆم دروستبکەمەوە. من لەپێکهێنانی سەکۆیەکدا کەبتوانم بەهەردوو پێی خۆم لەسەری راوەستم سەرکەوتنم بەدەستهێناوە. من بۆگەیشتن بەوجێگایە خەباتێکی قورسم کردووەو نرخێکی زۆرگرانیشم داوە. ئاسوودەییخۆم لەلای دۆستە تازەکانم دۆزیوەتەوە کەبوونەتە بنەماڵە تازەکەی من. سەرەڕای ئەوەی کە نرخێکی ئەوەندە زۆریشم داوە پەشیماننیم لەوەی کە بڕیاری خۆممداو بەسەربەستیەوە ملی ڕێگامگرت.

هەڵبەت دیارە زۆر پەرۆشم لەوەی بەسەرم هاتووە و ئەوەی لەدەستمچووە، بەڵام من نەخەمبارم و نەبیرلەوە دەکەمەوە وابم لەبەرئەوەی وامبەسەرهاتووە، چونکوو ئەگەر وابێت ئەوا هەموو ئەوەی روویداوە بێفایدەبووە. بنەماڵەکەم ناموسەکەیان و کچێکیان لەدەستداوە، منیش هەموو ئەوانەم لەدەستداوە کە لەدەورووبەرمبوون و خۆشم ویستوون. ئێستا و بەم ئەزموونەی لەبەردەستم دایە پێموایە پێویست نەبوو کاری من بگاتەئێرە. ئەگەر بنەماڵەکەی من یارمەتی و پشتیوانییان لە رێکخراوە سەرتاسەریەکانەوە، بۆنموونە کۆمەڵەی کوردەکان پێگەیشتبایە، ئەوا پێویست نەبوو بێرە بگەین. ئەگەر کۆمەڵگا بەرپرسانە بجووڵایەتەوە و یارمەتی دایکوباوکی منیان دابایە کە زیاتر بەشداربن لە کۆمەڵگای سوێددا لەوانەبوو پێشیان بەم وەزعە بگرتایە. ئەوەی بەسەر مندا هاتووە تازە هیچیبۆناکرێت، بەڵام پێموایە ئەمە گرینگە کە شتەیەکی لێوە فێربین و بۆداهاتوو چارەیەک ببینینەوە با لەم چەشنە کارانە دووپات نەبێتەوە. من ویستم ئەمڕۆ لێرە بەسەرهاتی خۆم بۆئێوە بگێڕمەوە بەوهیوایەیکە یارمەتیدەربێت بۆ کچە بێگانەکانی دیکە با پێویستنەکا کەسانیتر بەورێگایەدا بچن کە بەسەر مندا هاتووە. ئەگەر هەرکەس بەپێی توانای خۆی هاوکاریبکات، شتی وا پێویست نیە رووبداتەوە. دەبێ ئەمەروونو

ئاشكرابێت كه هەر ژنێكیگەنج بەهەر پێشینەیەكی فەرهەنگیەوە كه هەیبێت، بتوانێ هەم بنەماڵەكەی رابگرێتو هەم ئەوەی ئەو ژیانەهەڵبژێرێت كه خۆی دەیخوازێت. بەڵام بەداخەوە بۆ زۆر لەكچان ئەمە روونوئاشكرا نیە. من هیوام وایە كه ئێوە پشتیان تێنەكەن، كه ئێوە چاویان لێنەقونجێنن.

سپاس بۆ ئەوەی گوێتان بۆڕاگرتم

فادیمە شاهیندال

*فادیمە رۆژی 2002/1/20 لەسەر رێگای چوونی بۆ ستۆكهۆڵم بۆ جێبەجێكردنی ڤیزای سەفەرەكەی بۆ درێژەدان بەخوێندنەكەی لەئەفریقا (كێنیا) دەچێتە لای مالین كچەهاوڕێیەكی لە ئۆپسالا. بەڵام لەراستیدا مەبەستی لەمهاتنەی بۆلای مالین دیتنو خواحافیزیكردنبوو لە دایكیو خوشكەكانی. لەماڵی خوشكی چاوەروانی دیتنی دایكیدەبێت. بەماوەیەكی كورت پاشهاتنی دایكی، لەدرگا ئەدەن و لەكونی درگاكەوە دەبینن باوكیەتی. چراكان دەكوژێننەوە كه بیخەڵەتێنن وابزانێت كەس لەماڵ نیە. باوكی دەروات. كاتژمێر نۆو پەنجا دەقیقەی ئێوارەیەو فادیمە بەمەبەستی چوونەوە بۆماڵی مالین درگاكەدەكاتەوە. لەچەقی درگا چاویبە ناوچاوی باوكیدەكەوێت كه دەمانچەیەكی بەدەستەوەیە. فادیمە ئەزریكێنی«باوكە بمبوورە، باوكە بمبوورە!». باوكی تەقەیلێدەكاتو فادیمە لەباوەشی دایكیدا گیانیدەردەچێت و . . . ئەم كێژە باڵندەئاسایە لەفڕین دەكەوێت . . .!*

وەرگێڕان لە سوێدیەوە: ئەحمەد ئەسكەندەری

ئەم وتارە رۆژی 2004/1/16 لە كۆڕێ دووهەمین ساڵیادی كوژرانی فادیمەدا لە ستۆكهۆڵم خوێندرابەوە